


# تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند کاروباری نەزم و ئەمنییەتی گشتی کۆمەل بەرێوە دەبات. بەرگری لە ئەنجامی جورم دەکات و لێکۆلینەوە دەکات لەبارەی ئەو کردەوانە و ئاکامی لێکۆلینەوەکان بۆ دادگا دەنێرێت بۆ ئەوەی کاروباری حقوقیان بەرێوە بچێت. هەروەها بۆ ئەنجامدانی زۆرلە کاروبارە گشتییەکان پێویستە لەپۆلیس ئیزن وەربگیرێ و بەرێوەبەری شوێنی ئەشیا ونبووەکان لەسەرشانی پۆلیسە.

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند



# بەشی خزمەتگوزاری

بەشی خزمەتگوزاری بە شێوەی شەبەکەیەک کە ٢٨٠ شوێنی خزمەتگوزاری هەیە پێک دێت. هێندێک لەو شوێنانە بەشێوەی ٢٤ سەعاتە کاردەکەن، بەلام ئەو شوێنانەی خزمەتگوزارییان لێ کەمە سەعاتی کارکردنیان کەمترە. بێجگە لەوشوێنانە زیاتر لە ٥٠ سەنتەری هاوولاتی هەیە کە کاری دانی ئیزنی شوێنی کارییان بە ئەستۆوەیە.

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند



# ١٠٠٢٢ ژمارەی تەلەفۆنی پۆلیس

ئەگەر لە کاتی تەنگانەدا پێویستیتان بە پۆلیس هەبێت،ژمارەی ١٠٠٢٢ (بۆ یاریدەی پۆلیس) و هەروەها ژمارەی ١١٢ (بۆ کاتە کانی بە پەلە) لەسەر تەلەفۆن بگرن.

بەتەلەفۆن وهەروەها بە ئینتێرنێت دەتوانو بە شێوەی راستەوخۆ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بگرن.

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند



# نەزم و ئەمنییەتی کۆمەل

ئەرکی بەرێوەبەری نەزم و ئەمنییەتی گشتی لەناو کۆمەلدا لەسەرشانی پۆلیسە. ئەوئەرکە بە، نیگەهبانی،جوابدانەوەی تەلەفۆنی بە پەلەی خەلک،دابینکردنی ئەمنییەتی جەژن و ئەو مەراسیمە گەورانەی لە شوێنی ئاوەلا پێکدێو و پێشگیری کردنلە هەلسوکەوتە نایاساییەکان بەجی دە گەیەندری .

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند



# لێکۆڵینەوەی کارە نایاساییەکان

کاری لێکۆڵینەوەی پەروەندەیەک لەسەرشانی ئەو شوێنەیە کە جورمە کە یان کارێکی نایاسایی لە ناوچەی ئەرکداری ئەودا پێکهاتووە. بەلام راپورتی جورم رەنگەبە شوێنێکی تری پۆلیس گەیشتبێت،لەو کاتەدا راپۆرت بەوشوێنەی کەپێویستە رادە گەیەندری .

رەنگە هێندێک جاران پۆلیس مەشکوک ببێت لە ئەنجامدرانی جورمێک،لەو کاتەدا پۆلیس دەتوانێ بەرلەدەستووری داد گا کاری لێکۆلینەوە بەرێوەببات. بەلام هەموو راپۆرتە کان و جورمە کان ناتوانو ببو بەسەدەمی لێکۆلینەوەی بەرلە داد گا.

پۆلیس بێجگە لە لێکۆلینەوە کانی بەرلە داد گا ئەرکی لێ کۆلینەوەی مەسەلەی جۆراوجۆری تریشی هەیە. هێندێک لەو لێکۆلینانەوە بریتینە لە ئیسبات کردنی چۆنیەتی مردن،دیتنەوەی ونبووە کان و بووارە کانی کارەنایاساییە تیجارییە کان.

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند



# کاروباری دانی ئیزنی شوێنی کار

خزمەتگوزاری لە بواری کاروباری ئیزنی کردنەوەی شوێنی کارلەلایەن پۆلیسی مەحەللییەوە ئەنجامدەدرێت.پاسپۆرت، ناسنامە، کارتی شۆفێرو ئیزنی هەبوونی ئەسلەحە زوربەی ئەو ئیزنانەن کە لە لایەن پۆلیسەوەدەدریۆ. بۆوەرگرتنی ئەو ئیزنانە داواکاردەبێت هەری کەم جارێک بچێت بۆلای پۆلیس وهەروەها بۆئەو ئیزنانە حەقی ماددی دیاری کراو وەردە گیرێت.

لەدەرەوەی سنوورە کانی فەنلاند کاروباری زیارەت، کارکردن وویزا وەرگرتو لەلایەن کاردارە دیپلۆماتیکە کان ئەنجامدەدرێت.

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند



# کۆنترۆڵی ترافیک

ئەرکی پۆلیس لە کاروباری ترافیکدا بریتینەلە کۆنترۆڵی سوورئەت،پێشگیری لەو شوێفێرانەی خواردویانەتەوە یان ماددەیە کیانمەسرەف کردووە کە رەنگە ببێت بە هۆی مەستیو بەرگری لەو کەسانەی خۆناپارێزن و بەشێوەیە کی خراپ شوێفیری دە کەن. هەروەها پۆلیس بەتوندی بەرلە کەسانێک دە گرێت کە یاسا کانی ترافیک پێشێو دە کات.

تەشکیلاتی پۆلیسی ناوچەیی زۆرتر کاروباری ترافیکی ناو شارو شوێنە کانی هاتووچوی ناو باژێری بە ئەستۆوەیە و کاری کۆنترۆلی ترافیک لە دەرەوەی شارو لەئوتوبانە کان لەلایەن پۆلیسی ترافیکی میللییەوە جێبەجێ دە کرێت.

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند



# ئەشیا ونبووەکان

بە گوێرەی یاسای ئەشیا ونبووەکان، کاتێک شتێک دەدۆزییەوە دەبێت بەساحیبەکەی رابگەیەنی یان تەسلیمی پۆلیسی بکەی. مەوادی موخەددیر، مەوادی ئالکۆلی قاچاغ، ئەسلەحەی گەرم و هەموو ئەوشتانەی کە پێویستییان بە ئیزن هەیە لە کاتی دۆزینەوەدا بە زوویی دەبێت تەسلیمی پۆلیس بکرێو.

ساحێبی شتە ونبووەکان لە کاتی دیترانەوەی ئەشیاکەی ئەگەر خەلاتێک یان حەقێک بدات بەو کەسەی دیتویەتەوە، دەتوانێت داوای وەرگرتنەوەی ئەشاکەی بکات.

ساحێبی شتەکان ئەگەر لەماوەی ۳مانگ دا داوای وەرگرتنەوە لەپۆلیس نەکات، ئەوە شتەکان دەدرێت بەو کەسەی دیتویەتەوە و ئەگەر ئەوەی دیتویەتەوە هەتا ۳مانگ شتەکان بە نێوی خۆی نەکات ، ئەو کات ئەشیایەکان دەبوبەمالی حکومەت.

تەشکیلاتی پۆلیسی فەنلاند







# ته‌ شکیلات

ته‌شکیلاتی پۆلیس له‌ سێ ره‌ده‌ پێک دێت. له‌سه‌ره‌وه‌ی هه‌مووان، شوێنه‌ کانی پۆلیس که‌ سه‌ر به‌ وه‌زاره‌تی کاروباری ناوخۆنه‌، له‌ خواره‌وه‌ی ئه‌و به‌رپرسانی ناوچه‌ کان، یه‌ کێتییه‌ نیشتمانییه‌ کان ، ناوه‌نده‌ کانی راهێنه‌ری پۆلیس، ناوه‌ندی ته‌ کنیکی پۆلیس، ناوه‌نده‌ کانی ئیرتباتی پۆلیس و هه‌روه‌ها له‌ شاری هیلسینکی به‌ شێوه‌ی کارامه‌ ته‌شکیلاتی پۆلیس کارده‌ کات .

پۆلیسی ناوچه‌یی له‌ره‌ده‌ی سێهه‌م‌دایه‌. پۆلیسی ناوچه‌یی سه‌ربه‌ناوه‌نده‌ ئیداره‌ییه‌ ناوچه‌ییه‌ کانه‌. پۆلیسه‌ کانی سه‌ربه‌و ناوه‌ندانه‌ له‌ ژێر ناوه‌ندی سه‌رۆکایه‌تی پۆلیسی شار کارده‌ که‌ن.

**بۆ زانیاری زیاتر**

www.poliisi.fi

www.polis.fi

www.police.fi

ته‌شکیلاتی پۆلیسی فه‌نلاند